# protection of rights and freedoms, rule of law, constitutional stability

**Dildar Abdulwahid Qadir**[1], **Idris Qadir Rasul**[2]
Faculty of Law, Political Sciences and Management, Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2693KRS.14*

*Published:26/4/2026*

## *Abstract*

*Drafting Constitutions According to the Venice Commission Standard. The topic addressed in this study is the standards for drafting constitutions according to the criteria set by the Venice Commission, an advisory body of the Council of Europe that assists countries in drafting their constitutions based on the principles of democracy, human rights, and the rule of law. In this study, we employed an analytical approach to examine the standards established by the Commission for constitutional drafting. The main issue this study seeks to address is the obstacles to applying these standards, particularly whether they can be used in drafting the constitution of the Kurdistan Region. Among the most important standards set by the Commission for constitution drafting are the principles of democratic legitimacy and genuine participation, the separation and balance of powers, oversight of authorities, the rule of law, judicial independence, the protection of human rights and fundamental freedoms, Protection of minority rights, supremacy of international law over domestic law, regulation of decentralization in the constitution, constitutional stability, elections, the political system, and the legal resolution of constitutional disputes. Every country must consider these principles when drafting its constitution and establishing its constitutional framework. Therefore, we find it essential for the Kurdistan Region to draft its own constitution in accordance with these standards. The region can also seek the guidance of the Venice Commission, as this internationally recognized body assists countries in adopting appropriate constitutional frameworks.*

***Keyword**: Constitutional drafting standards, Venice Commission*

# داڕشتنی دەستورەکان بە پێی پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز

د. دلدار عبدالواحد قادر
فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن
dldar.qader@soran.edu.iq

پ. ی. د. ادریس قادر رسول
فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن
Idrees.rasul@soran.edu.iq

پوختە

ئەو بابەتەی، کە لەو توێژینەوەدا لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردووە بریتییە لە پێوەرەکانی داڕشتنی دەستورەکان، بە پێی پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز، کە سەر بە ئەنجومەنی ئەوروپایە و دەستەیەکی ڕاویژکارییە، تایبەتە بە بابەتەکانی دەستوری و یارمەتی وڵاتان دەدات، لە ڕووی داڕشتنی دەستورەکەیان بە شێوەیەک، کە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا بگونجێت. لەو توێژینەوەدا میتودی شیکارییمان بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی ئەو پێوەرانەی، کە ئەو کۆمیسیۆنە بۆ داڕشتنی دەستورەکان دیاریکردووە. ئەو کێشەیەی کە ئەو توێژینەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات بریتییە لەو کوسپ و تەگەرانەی، کە دەبنە لەمپەر لەبەردەم بەکارهێنانی ئەو پێوەرانە، بە تایبەتی لەبەردەم ئەو پرسیارەی، ئایا دەکرێت ئەو پێوەرانە بۆ نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرێت؟ گرنگترین ئەو پێوەرانە، کە ئەو کۆمیسیۆنە بۆ نوسینی دەستورەکان دیاریکردووە بریتییە لە ڕەچاوکردنی بنەمای ڕەوایەتی دیموکراسی و بەشداریکردنی ڕاستەقینە، بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان و هاوسەنگی و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا، سەربەخۆیی دادگاکان، پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، پاراستنی مافی کەمینەکان، باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر یاسای ناوخۆییدا، ڕێکخستنی سیستەمی ناناوەندی کارگێڕی لە دەستور، سەقامگیری دەستوری، هەڵبژاردنەکان و سیستەمی سیاسی و چارەسەرکردنی ناکۆکییە دەستورییەکان بە شێوەی یاسایی، کە پێویستە هەر وڵاتێک لە نوسینی دەستورەکەی ڕەچاوی ئەو بنەمایانە بکات و

ڕێکخستنی دەستوورییان بۆ بکات. بۆیە بە پێویستی دەزانین، کە هەرێمی کوردستان بۆ نوسینی دەستوری خۆی کار بەو پێوەرانە بکات و دەتوانێت ڕاویژ بەو کۆمیسیۆنە بکات، چونکە ئەو کۆمیسیۆنە لەسەر ئاستی جیهاندا یارمەتی هەموو ولاتێک دەدات تاکو دەستورێکی گونجاو بۆ خۆیان پەسەند بکەن.

وشە کلیلییەکان: پێوەرەکانی نوسینی دەستور، کۆمیسیۆنی ڤێنیز، پاراستنی ماف و ئازادییەکان، سەروەری یاسا، سەقامگیری دەستوری.

## ١. پێشەکی

### ١.١ بەرایی

نوسین و دارشتنی دەستورەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆیی هەمیشە جێگای بایەخە، بە شێوەیەک کە بەشێک لە دامەزراوە نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆییەکان ئەرکی نوسین و چاودێریکردنی دەستوری وڵاتان لە ئەستو دەگرن، یەکێک لەو دامەزراوانە، کۆمیسیۆنی ئەوروپی بۆ دیموکراسی لە رێگای یاسایە، کە بە کۆمیسیۆنی ڤێنیز ناسراوە. ئەو لێژنەیە کۆمەڵە مەرج یان پێوەرێک بۆ نوسینی دەستورەکان دیار دەکات، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەو بابەتە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ئاشنای ئەو پێوەرانە بین و بتوانرێت بۆ نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان سود لەو کۆمیسیۆنە وەربگیرێت.

### ٢.١ گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکەمان لەوەدا دەردەکەوێت، کە نوسینی دەستور بە پێی پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز، کە تایبەتمەندە بە نوسینی دەستور، یارمەتی وڵاتانی جیهان دەدات بۆئەوەی بتوانن دەستورێک بە پێی پێوەرە دیموکراسییەکان دابرێژن و بەو شێوەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەرێمی و ناوخۆیی ڕەوایەتی بەدەست بهێنن. لە لایەکی تر ئەو کۆمیسۆنە یارمەتی ئەو وڵاتانە دەدات، کە بە هۆی کێشەی سیاسی یان یاسایی ناتوانن دەستورێکی گونجاو بۆ خۆیان دابرێژن،

بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز بۆ نوسینی دەستورەکان گرنگی و بایەخی زۆری هەیە بە شێوەیەک، کە ئەو کۆمیسیۆنە پێوەرەکانی بە گوێرەی یاسا دادەنێت و هەوڵی دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی لە وڵاتان دەدات.

٣.١. ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر داڕشتنی دەستورەکان بە پێی پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز، هەوڵی گەیشتن بەو ئامانجانەی خوارەوە دەدات:

1- هەوڵی ناساندنی ئەو لێژنەیە و تایبەتمەندییەکانی دەدات.

2- پێوەرەکانی نوسینی دەستور، کە ئەو کۆمیسیۆنە دایناوە دیاری دەکات.

3- شێوازی سود وەرگرتنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان لەو کۆمیسیۆنە ڕوون دەکاتەوە.

4.1 پرسیارەکانی توێژینەوە:

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی داڕشتنی دەستورەکان بە پێی پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز، وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەدەینەوە:

1- ئایا پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز بۆ نوسینی دەستورەکان چین؟

2- ئایا لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان دەتوانن سود لەو کۆمیسیۆنە وەربگرن؟

3- ئایا ئەو کیشانە چین، کە ڕووبەڕووی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان دەبنەوە، کاتێک بیانەوێت بۆ نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان داوای یارمەتی لەو لێژنەیە بکەن؟

5.1 کێشەی توێژینەوە:

ئەو کێشەیەی، کە ئەو توێژینەوەیە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات ئەوەیە، کە ئەو کۆمیسیۆنە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆیی خۆی ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یارمەتی ئەو لایەنانە بدات، کە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نین، بە واتایەکی تر هەرێمە فیدراڵییەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ داوای یارمەتی لەو کۆمیسیۆنە بکەن، هەروەها ئەو توێژینەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدات، کە لە کاتی نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان، ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە.

6.1. میتودی توێژینەوە:

بە گوێرەی سروشتی توێژینەوەکەمان میتۆدی شیکاری بەکاردەهێنین بۆ ناساندنی کۆمیسیۆنی ڤێنیز و پێوەرەکانی ئەو کۆمیسیۆنە، کە بۆ داڕشتنی دەستورەکان دیارییانکردووە. هەروەها ئەو میتۆدە بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی، گرنگترین پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز بۆ داڕشتنی دەستورەکان ڕوون بکەینەوە.

7.1. پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەو توێژینەوەیە لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت بە شێوەیەک، کە لە باسی یەکەمدا باس لە ناساندنی کۆمیسیۆنی ڤێنیز دەکەین و لە باسی دووەمدا باس لە پێوەرکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز بۆ داڕشتنی دەستورەکان دەکەین. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجام و پیشنیارەکان دەخەینەڕوو.

2. ناساندنی کۆمیسیۆنی ڤێنیز

لەو بەشەدا باس لە کۆمیسیۆنی ئەوروپی بۆ دیموکراسی لە ڕێگای یاسا، کە ناسراوە بە کۆمیسیۆنی ڤێنیز، دەکەین بەو شێوەیەی خوارەوە:

1.2. مێژووی کۆمیسیۆنی ڤێنیز

بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە کۆمیسیۆنی ڤێنیز پێویستە سەرەتا باسی سەرهەڵدانی کۆمیسیۆنەکە بکەین دواتر ئامرازەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز دیاری بکەین.

### 1.1.2. سەرهەڵدانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز

بیرۆکەی سەرهەڵدانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز دەگەڕێتەوە بۆ ئەنتۆنیۆ لا پێرگۆلا وەزیری ئیتاڵیا بۆ کاروباری ئەوروپا، کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا (1980)، داوای دروستکردنی کۆمیسیۆنێکی کرد، کە چاودێری ڕێزگرتن لە دیموکراسی و سەروەری یاسا بکات. ڕژێمی کۆمۆنیستی پۆڵەندا لە ساڵی 1989 ڕوخا، دواتر لە تەشرینی دووەمی ساڵی 1989 دیواری بەرلین ڕوخا و لە دوو ساڵی دواتردا هەر یەک لە حکومەتە کۆمۆنیستەکانی چیکۆسلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، بولگاریا و ئەلبانیا لەکار خران. لاپێرگۆلا لە مانگی یەکی ساڵی 1990 کۆنفرانسێکی لە ڤێنیز ڕێکخست، کە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەوروپا بەشداریان تێدا کرد، هەروەها چاودێرانی هەندێک وڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا تێیدا بەشدار بوون، ئەو کۆنفرانسە بووە هۆی دروستکردنی کۆمیسیۆنی ڤێنیز، ڕێکەوتنەکە سەرەتا بۆ دوو ساڵ بوو و ئەندامبوون سەرەتا تەنها بۆ ئەو دەوڵەتانە بوو، کە ئەندام بوون لە ئەنجومەنی ئەوروپا[i]. کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ دیموکراسی لە ڕێگەی یاساوە – کە زیاتر بە کۆمیسیۆنی ڤێنیز ناسراوە، چونکە لە ڤێنیز لە ئیتاڵیا کۆدەبێتەوە، دەزگایەکی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئەوروپایە لە بواری یاسای دەستووریدا[ii]. لە ماوەی دەستبەکاربوونی ئەو کۆمیسیۆنە چەندین جار داوا لە کۆمیسیۆنی ڤێنیز کراوە دەستوەردان بکات بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی و ئامۆژگاری لە داڕشتن و جێبەجێکردنی دەستوری نوێی لیبراڵ و دیموکراسی لە وڵاتانی ئەورۆپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات، ئەوەش دوای پێشهاتەکانی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی وارشۆ و یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری فیدراڵی یوگسلافیا هات[iii].

کۆمیسیۆنی ڤێنیز لە شارەزایانی سەربەخۆ پێکهاتوە، کە لەلایەن ٦١ وڵاتی ئەندامەوە کاندید دەکرێن و بۆچوونەکان سەبارەت بە بابەتە دەستورییەکان (لەوانەش یاسای هەڵبژاردن، مافی مرۆڤ، یاسای دامەزراوەیی (institutional legislation )، دەسەڵاتی دادوەری، چاودێران ...

هتد) بۆ ئەو لایەنانەی، کە داوای لێ دەکەن دەخاتەڕوو. ئەم بۆچوونانە لەسەر داوای وڵاتانی ئەندام، ئۆرگانەکانی ئەنجومەنی ئەوروپا یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێشکەش دەکرێن. دوای دامەزراندنی کۆمیسیۆنی ڤێنیز لە ساڵی ١٩٩٠ هەر لەو کاتەدا هاوکاری دادگا دەستورییەکانی بە هەنگاوێکی بنەڕەتی داناوە لە پێشخستنی دەستوریخوازیدا، لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە کار دەکات، کە هەموو کارەکانی دەوڵەت دەبێ لە سنورەکانی دەستوردا قەتیس بکرێن. بۆیە دادگا دەستورییەکان و دەزگا هاوتاکان (ئەنجومەنە دەستورییەکان و دادگا باڵاکان، کە ئەو دەسەڵاتە دادوەرییە بەکاردەهێنن) ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لەوەی کە دڵنیا بن، کە هەموو لقەکانی دەسەڵات ڕێز لە دەستور دەگرن[iv].

کۆمیسیۆنی ڤێنیز هەوڵدەدات دادگا دەستورییەکان و ئۆرگانە هاوتاکان بەهێز بکات بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر بۆ دادگاکان و بە پشتیوانیکردنی ڕاستەوخۆیان کاتێک دەکەونە ژێر فشاری ناڕەوا. ئەم هاوکارییە لەلایەن ئەنجومەنی هاوبەشی دادپەروەری دەستوری کۆمیسیۆنی ڤێنیزەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەوەش بە پێی ئەو ئامرازانە ئەنجام دەدات، کە لەلایەن کۆمیسیۆنەوە دابینکراوە، کە ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان دادگاکاندا دەکات. ئەم ئامرازانە بریتین لە بڵاوکردنەوەی بڕیارە پێشینییەکانی دادگای دەستوری (السوابق القضائية الدستورية) و داتای CODICES و کۆڕبەندی ڤێنیز، لە کاتێکدا کۆمیسیۆنی ڤێنیز دامەزراوەیەکی ئەوروپییە، بەڵام هەندێک لەو خزمەتگوزارییانە درێژدەکاتەوە – بە تایبەتی داتای CODICES و کۆڕبەندی ڤێنیز – بۆ دادگا دەستورییەکانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام. کۆمیسیۆنی ڤێنیز لە نزیکەوە هاوکاری دادگا دەستورییەکانی هەر یەک لە وڵاتانی (ئەوروپی، ئەفریقی، باشوری ئەفریقا، ئاسیایی، ئیبرۆئەمریکی، دیموکراسی نوێ، عەرەبی، فەرەنسی زمان، پرتوگالی زمان کۆمۆنوێڵس/یاسای گشتی) دەکات. هاوکاری لەگەڵ ئەم گروپانە پەرەی پێدرا و بوو بە کۆنفراسی جیهانی دادپەروەری دەستوری، کە کۆمیسیۆنی ڤێنیز وەک سکرتاریەت کاردەکات[v].

### 2.1.2 ئامرازەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز

کۆمیسیۆنی ڤێنیز ئەرکەکانی خۆی لە ڕێگای چەندین ئامراز یان دامەزراوەی خۆی ئەنجام دەدات، کە لەو لقەدا باسی ئەو ئامرازانە دەکەین:

### 3.1.2. ئەنجومەنی هاوبەشی دادپەروەری دەستوری

وەکو لەسەرەوە باسمان کرد کۆمیسیۆنی ڤێنیز هاوکاری دادگا دەستورییەکان دەکات، بۆیە بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی هاوکاری نێوان دادگا دەستورییەکان و کۆمیسیۆنی ڤێنیز، کۆمیسیۆنی ڤێنیز ئەنجومەنی هاوبەشی دادپەروەری دەستوری (JCCJ)ی دامەزراند، دادگا و ئەنجومەنە دەستورییەکان و دادگا باڵاکان، کە دەسەڵاتی دەستورییان هەیە، بەشداری لە ئەنجومەنی هاوبەشدا دەکەن، کە ڕۆڵێکی زۆر بەهێزیان هەیە لە دیاریکردنی چالاکییەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز لە بواری دادپەروەری دەستوریدا. مەودای جوگرافیای چالاکییەکانی ئەنجومەنی هاوبەشی دادپەروەری دەستوری هەر یەک لە وڵاتانی ئەندامی کۆمیسیۆنی ڤێنیز، وڵاتانی ئەندامی هاوبەش، دەوڵەتانی چاودێر و دەوڵەتان یان ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، کە پێگەی هاوکاری تایبەتیان هەیە کە هاوتایە لەگەڵ پێگەی هاوکاری دەوڵەتی چاودێر وەکو (ئەفریقای باشور، دەسەڵاتی نیشتمانی فەڵەستین)، هەموو دادگا بەشداربووەکان – چ لە وڵاتانی ئەندام یان چاودێرەوە – سودمەند دەبن لە هەمان جۆری هاوکاری. دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ، دادگای دادی یەکێتی ئەوروپا و دادگای ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ بەشداری لە ئەنجومەنی هاوبەشی دادپەروەری دەستوری دەکەن[vi].

بڕیارە پێشینییەکانی دادگای دەستوری بۆ یەکەمجار لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکرایەوە، پوختەی گرنگترین بڕیارەکانی تێدایە، کە لە لایەن دادگا دەستورییەکان یان دەزگا هاوتاکانەوە نێردراوە، کە بەشدارن لە JCCJ. ساڵانە سێ جار بە زمانەکانی ئینگلیزی و

فەڕەنسی بڵاودەکرێتەوە و هەر ژمارەیەک بڕیارە گرنگەکانی لەخۆ گرتووە، کە لەلایەن دادگاکانەوە دەردەچن[vii].

### 4.1.2. CODICES Database

داتای CODICES پوختە (précis) دەقی تەواوی نزیکەی ٩٠٠٠ بڕیار لەخۆ دەگرێت، بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی، بەڵام زیاتر لە ٤٠ زمانی دیکەش تێیدا بوونی هەیە، هەروەها دەستور و یاسا پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە دادگاکان تێیدا بوونی هەیە. کۆدیس لەم لینکەدا بەردەستە www.CODICES.coe.int. بەردەوام نوێ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بڕیارە پێشینییەکانی دادگای دەستوری ئەم دواییە پیشان بدات. داتای CODICES بڕیارە پێشینییەکانی دادگای دەستوری و دەستورەکانی وەکو فەرهەنگێک داناوە و دەکرێت هەر بابەتێک بە نوسینی ناونیشانەکەی بدوزرێتەوە وەکو بابەتی ئازادی ڕادەربڕین، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت و سەروەری یاسا. داتای کۆدیس زۆر ئاسانکاری بۆ لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان دەکات، کە لەلایەن دادگاکانەوە ئەنجام دەدرێن، بۆ ئەمەش دەتوانن سود لەو ڕێبازانە وەربگرن، کە پێشتر لەلایەن وڵاتانی دیکەوە گیراونەتەبەر، بە تایبەتی لە بواری مافە بنەڕەتییەکان. بۆیە سوڕانەوەی زانیارییەکان ئامرازێکی بەهێزی پیتاندنی یەکترە، کە دادگاکان دەتوانن ئیلهام لە پراکتیکی دەستورە هاوتاکانیان لە وڵاتانی دیکە وەربگرن. لە کاتێکدا دادگاکان هەمیشە ئاماژە بەم سەرچاوە بیانییانە ناکەن، ئەو ئارگومێنتانەی، کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانیان لە کۆدیسدا بەدەستی دەهێنن، حوکمە نیشتمانییەکان دەوڵەمەندتر دەکەن[viii].

### 5.1.2. Venice Forum

کۆڕبەندی ڤێنیز ئامرازێکی بەکارهێنراوی بەرفراوانە، کە ڕێگە بە ئەفسەری پەیوەندییەکان دەدات، کە لەلایەن دادگا بەشداربووەکانەوە دامەزراون بە خێرایی داوای زانیاری لە دادگاکانی دیکەوە بکەن. کاتێک دادگایەک دۆسیەیەکی هەڵپەسێردراوی هەیە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی

بەراوردکاری هەیە، سەرەتا گەڕانێک لە بنکەدراوەی CODICES ئەنجام دەدات. جگە لەم گەڕانە، ئەفسەری پەیوەندییەکانی دادگای داواکار دەتوانێت لە ڕێگەی کۆڕبەندی کلاسیکی ڤێنیز لەلایەن کۆمیسیۆنی ڤێنیزەوە داواکارییەک بۆ هەموو دادگاکانی دیکە بنێرێت. سایتی کۆڕبەندی ڤێنیز ئەرشیفی هەموو ئەو داواکارییانە لەخۆ دەگرێت، کە لە ساڵی ١٩٩٧ەوە کراوە، لەو کاتەی کە کۆڕبەندی کلاسیک ڤێنیز دامەزراوە.

گرووپی هەواڵی کۆربەندی ڤێنیز ڕێگە بە هەر دادگایەک دەدات، دادگاکانی دیکە لە گۆڕانکارییەکانی دادگاکانیان (بۆ نموونە دانانی سەرۆک، ناساندنی ڕێکارە نوێیەکان) و ڕووداوە گرنگەکان (کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و... هتد) ئاگادار بکاتەوە.

### 6.1.2 کۆنفرانسی جیهانی لەسەر دادپەروەری دەستوری (WCCJ)

کۆنفرانسی جیهانی دادپەروەری دەستوری 112 دادگا و ئەنجومەن و دادگای باڵا لە ئەفریقا، ئەمریکا، ئاسیا، ئوستراليا/ئۆقیانوس و ئەوروپا یەکدەخات. ئامانجی سەرەکی ئەو کۆنفرانسە ئەوەیە، کە دادپەروەری دەستوری بەرەو پێش ببات و پێداچوونەوەی دەستوری دەکات بۆ ئەو مەبەستە بابەتی مافەکانی مرۆڤ، وەک توخمێکی سەرەکی بۆ دیموکراسی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا دادەنرێت، بۆیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە کۆنگرەی دەوری، لە سەر ئاستی جیهانی ڕێک دەخرێت، کە تێیدا سەرجەم ئەندامانی بەشدار دەبن، هەروەها بەشداری لە کۆنفرانس و سمینارە هەرێمییەکان دەکات جگە لەوە لە ڕێگای ئاڵوگۆڕکردنی ئەزمونەکان و بڕیارەکانی دادگا باشترین ڕاوێژ بە ئەندامانی دەکات [ix].

ئامانجی سەرەکی کۆنفرانسی جیهانی ئاسانکارییە بۆ گفتوگۆی دادوەری لە نێوان دادوەرەکانی دادگای دەستوری لەسەر ئاستی جیهاندا. بۆیە ئاڵوگۆڕی جیهانی زانیاری و ئەزمونەکان لە نێوان دادگاکان لە کۆنفرانسی جیهانیدا بڕیارەکانی دادگا بەشداربووەکان دەوڵەمەندتر دەکات [x].

## 2.2. پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز بۆ نوسینی دەستورەکان

پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز یان بە واتایەکی تر بڕیار و پێشنیارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە دەکەنە ناو چوارچێوەی یاسای نەرم (soft law) بەو پێیەی، کە ئەو یاسایە لە ڕووی هێزی پابەندکارییەوە، پابەندکار نین و وڵاتان ناچار نین بڕیارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە جێبەجێ بکەن بۆیە لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی توشی سزا نابن، بەڵام ئەو کۆمیسیۆنە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و بۆ دەرکردنی بڕیار و پێشنیارەکانی پشت بە یاسای پابەندکار یان یاسای سەخت (hard law) دەبەستێت وەکو ڕێکەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ. ئامانج لەو کارە دەستنیشانکردنی باشترین ئەزمونەکانە لە ڕێگەی بەراوردکردنی یاسا و پێوەرەکان لە چوارچێوەی یاسای وڵاتانی ئەندام، تاکو باشترین پێوەرەکانی دیاری بکات، ئامانج لە دیاریکردنی ئەو پێوەرانەش بە مەبەستی پەرەپێدانی سەروەری یاسا و دیموکراسی دەبێت[xi].

کۆمیسیۆنی ڤێنیز تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە لە دەستورەکاندا و بۆ ئەو مەبەستە تایبەتمەندییەکانی دابەشی چوار جۆر دەبن[xii]: یەکەم: داڕشتنی دەستور و مەرجەکانی خودی دەستور. دووەم: هەموارکردنەوەی دەستور. سێیەم: یاسایەک، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەسەر واتا و بەکارهێنانی زاراوە دەستورییەکان هەبێت. چوارەم: پراکتیزەکردنی دەستوری، جا لە شێوەی نۆرمەکانی دامەزراوەیی (أعراف مؤسسية) بێت، یان تێڕوانینەکانی دەستور لەلایەن خەڵکەوە بێت.

سەروەری یاسا، سەربەخۆیی دادوەری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەهاگەلێکن، کە لە دەستوری وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپادا گەرەنتی کراون، سەروەری یاسا یەکێکە لەو بەها هاوبەشانەی، کە یەکێتی ئەوروپا لەسەری بنیات نراوە، پاراستنی سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادوەری لە ئێستادا بە زۆری وەک بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی دەمێنێتەوە، بۆیە داڕشتنی چوارچێوەی یاسایی هەنوکەیی وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بە پێی ستانداردە ئەوروپییەکان

وەک ڕێکارێکی خۆپارێزی دادەنرێت، کە پێویستە لە چوارچێوەی دەستور و یاسادا پارێزگاری لێبکرێت[xiii].

ئەو پێوەرانەی، کە کۆمیسیۆنی ڤێنیز پشتی پێی دەبەستێت تاکو لە نوسینی دەستورەکاندا ڕەچاو بکرێن بریتین لەو پێوەرانەی خوارەوە:

1.2.2 دیموکڕاسیبوون:

پێویستە دەستور بۆ شێوازی حوکمڕانی یان سیستەمە سیاسییەکەی، سیستەمێکی دیموکڕاسی لە خۆ بگرێت، کە پشت بە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد و ئازاد ببەستێت، هەروەها بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان و پاراستنی مافی کەمینەکان لە خۆ بگرێت. کۆمیسیۆنی ڤێنیز هەر لە سەرەتاوە جەختی لەوە کردۆتەوە، کە هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسی بە ئارەزوی هاوڵاتییانی دەوڵەتەکانە، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا دەبێت کۆتوبەند و هاوسەنگی هەبێت. لە پراکتیکدا کۆمیسیۆن هەمیشە سیستەمی پەرلەمانی پێ باشتر بووە، چونکە سیستەمی سەرۆکایەتی لە ژێر بارودۆخی ناوچەییدا زیاتر دەسەڵاتخوازانەیە. سەختی کاری کۆمیسیۆن بۆ دیاریکردنی سیستەمی سیاسی وڵاتان، ئەوە بوو، کە لە بواری ڕێکخستنی دەوڵەتدا، بە پێچەوانەی بواری مافەکانی مرۆڤ، هیچ ستانداردێکی نێودەوڵەتی ورد نییە. دیموکڕاسی پەرلەمانی سیستەمێکی باوی ئەوروپایە بەڵام ستانداردێکی ئیجباری نییە. بۆیە کۆمیسیۆن زۆر پشتی بە ئارگومێنتەکانی یاسای بەراوردکاری بەست. سەرەڕای هەمەچەشنی پێکهاتە دەستورییەکان لە ئەوروپادا، کۆمیسیۆنی ڤێنیز کار بۆ دارشتنی بنەما هاوبەشەکان دەکات و ئەم بنەما هاوبەشانە وەک بەشێک لە میراتی دەستوری ئەوروپی دەبینێت[xiv].

گرینگترین پێوەرەکانی دیموکڕاسی لە دەستوردا بریتیین لە[xv]:

سەروەری گەل (السيادة الشعبية): گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێت و مافی ئەوەی هەبێت، کە نوێنەرایەتی خۆیان دەستنیشان بکەن.

فرەیی سیاسی (التعددیة السیاسیة): دەبێت دەستور ڕێگا بە دامەزراندنی حیزبە سیاسییەکان و کێبڕکێی ئازاد لە نێوان حیزبەکان بدات.

بەردەوامی ئاشتییانەی دەسەڵات (التداول السلمي للسلطة: پێویستە دەستور ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنێکی دەوری پاک و بێگەرد دیاری بکات و ئەمرازەکانی گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە دیاری بکات.

جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان (الفصل بین السلطات): دەستور پێویستە دەسەڵاتەکان بەسەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری دابەش بکات لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات و تایبەتمەندی هەر یەک لەو سێ دەسەڵاتانە دیاری بکات، بۆئەوەی ڕێگری لە دروستبوونی زۆرداری بکات و هاوسەنگی بپارێزێت.

### 2.2.2پاراستنی مافی کەمینەکان (حمایة حقوق الاقلیات):

پێویستە دەستور مافی کەمینەکان لە خۆ بگرێت، وەکو کەمینە ئایینی، زمانەوانی و ڕەگەزییەکان (الاقلیات العرقیة و الدینیة و اللغویة) و ڕێگری لە جیاکاری بەرانبەریان بکات. بە مەبەستی پاراستنی مافی کەمینەکان کۆمیسیونی ڤێنیز، بۆچوون یان هەڵسەنگاندنی پسپۆڕانەی خۆی بۆ یاساکانی پاراستنی کەمینەکان لە سێ وڵاتدا پێشکەش کرد کە بریتین لە: مۆنتینیگرۆ، ڕۆمانیا و ئۆکرانیا. لیژنەکە لە بۆچوونەکانیدا گرنگی بەو بابەتانە دەدات بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان بۆیە جەخت لەسەر هەڵوێستی یاساکانی پەیوەست بە مافەکانی کەمینەکان و پلەبەندی کەمینەکان لە یاساکانەوە دەکاتەوە، هەروەها جەخت لەسەر پێویستبوونی مەرجی هاوڵاتیبوون بۆ پێناسەکردنی گشتی کەمینەکان و پێوستبوونی گەرەنتی پاراستنی دادوەری کەمینەکان لە چوارچێوەی یاسای نیشتیمانی دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە باسی گرنگی پاراستنی کەمینەکان لە لایەن دەوڵەتی زێدی خۆیان دەکاتەوە[xvi]. کۆمیسیۆنی ڤێنێز پاراستنی مافی کەمینەکان بە بەشێکی جیانەکراوەی مافەکانی مرۆڤ دادەنێت، جگە لەوە لەسەر داواکاری کۆمەڵەی پەرلەمانی

ئەنجومەنی ئەوروپا کۆمیسیۆنی ڤێنیز راپورتێک سەبارەت بە بەشداری کەمینە نەتەوەییەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و بەشداری سیاسی کەمینە نەتەوەییەکان لە وڵاتانی ئەوروپی دارشت، کە لە لایەن ئەنجومەنی هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان و کۆمیسیۆنی ڤێنیز لە 10-12 ئازاری 2005 پەسەند کرا. لەو راپۆرتەدا بە مەبەستی پاراستنی مافی کەمینەکان لە ئورگانە هەڵبژێردراوەکاندا جەخت لەسەر ئەو بنەمایانە دەکاتەوە: سیستەمی هەڵبژاردن بە گشتی، مافی دەنگدان، ناوچەی هەڵبژاردن، کورسی تەرخانکراو، نوێنەرایەتی، بەکارهێنانی زمانی کەمینەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و ...[xvii] بۆیە لە یەکێک لە بیروبۆچوونەکانی، کە سەبارەت بە رەشنوسی دەستوری حکومەتی مۆنتینیگرۆ دەریبڕیوە داوا دەکات، کە پێویستە یەکسانی جێندەری و نوێنەرایەتی کردنی گەلانی کەمینە و پێکهاتە نەتەوەییە کەمینەییەکانی دیکە لەبەر چاو بگرێت[xviii].

### 3.2.2. مافی مرۆڤ:

پێویستە دەستور سەرجەم ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە خۆ بگرێت، بە شێوەیەک کە دژی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ نەبێت. گرنگترین ئەو مافانە بریتین لە مافی ژیان و ئاسایشی تایبەتی (الأمن الشخصي) مافی ئازادی رادەربڕین و کۆبوونەوەی ئاشتییانە، مافی یەکسانی، مافی تایبەتێتی و پاراستنی زانیارییە تایبەتەکان، مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە. پێوەری ماف و ئازادی تاکەکان، یەکێکە لە گرنگترین ئەو پێوەرانەی، کە کۆمیسیۆنی ڤێنیز بۆ نوسینی دەستورەکان پشتی پێ دەبەستێت، ئامانجی ئەو پێوەرە بریتییە لە گەرەنتیکردنی پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە دەستورەکاندا وەکو مافی ژیان، مافی ئازادی رادەربڕین و ئازادی بیروباوەڕ و یەکسانی لە بەردەم یاسادا. ئەوەش لە کاتێکدا دەبێت، کە پێویستە دەستورەکان بەشێکی خۆیان تایبەت بکەن بە دانانی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییان لە دەستوردا، بە دانانی کۆمەڵە مەرجێک رێگری لە پێشێلکردنی ئەو ماف و ئازادییانە بکرێت. بۆیە نوسینی

دەستورەکان بە پێی پێوەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە هۆی ئەوەی، کە جیاکاری زەق لە نێوان یاسای نێودەوڵەتی و یاسای دەستوری بەرەو کەمبوونەوە بچێت، بۆیە لەو حاڵەتەدا ئێمە لە بەردەم دەستورێکی نێودەوڵەتی داین، کە ڕەهەندێکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەو بابەتانەی، کە یاسای نێودەوڵەتی ڕێک دەخات پێویستی بەوە هەیە، کە بە هۆی بنەماکانی دەستورییەوە دووبارە جەختی لەسەر بکرێتەوە وەکو چەسپاندنی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە دەستورە خۆجێییەکان. نزیکبوونەوەی دەستورە نیشتیمانییەکان و گۆڕینی دەستورەکان بۆ ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، بابەتێکە کە بەشێکی زۆری یاساناسان دووپاتی دەکەنەوە[xix].

4.2.2. سەروەری یاسا:

کۆمیسیۆنی ڤێنیز پێداچوونەوە بە کۆمەڵە سیستەمێکی یاسایی نیشتیمانی و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و دەستورە نیشتیمانییەکانەوە کردووە و لەو پێداچوونەوانەدا کۆمیسیۆن جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی سەروەری یاسا کردۆتەوە نەک تەنها لە ڕووی شێوەییەوە بەڵکو لە ڕووی بابەتیشەوە گرنگی بەو پێوەرە دەدات. گرنگترین ڕەگەزەکانی سەروەری یاسا بەو شێوەیە دەستنیشان دەکات[xx]:

- ڕەوایەتی: پێویستە هەموو لایەنێک بە تایبەتی حکومەت پابەندی یاسا بێت و سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ و پاکی هەبێت. پێویستە پرۆسەیەکی شەفاف و ملکەچبوو بە لێپرسینەوە و دیموکراسییانە بۆ دەرکردنی یاساکان هەبێت.
- دڵنیایی یاسایی: مەبەست لەو بنەمایە نەگەڕاندنەوەی یاساکانە بۆ دواوە، بە جۆرێک ڕێگە بە ئەکتەرە گشتی و تایبەتییەکان بدرێت بە شێوەیەکی دروست ڕەفتارەکانیان ڕێک بخەن.
- قەدەغەکردنی ئارەزومەندانە لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتییدا.
- یەکسانی لە بەردەم یاسا: هەموو هاوڵاتیان بەرانبەر بە یاسا یەکسان بن و بە هۆی نەژاد، ئایین، ڕەگەز یان هەر هۆکارێکی دیکە نابێت جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت.

- دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری لە ڕێگای پەنابردن بۆ دادگایەگی سەربەخۆ و بێ لایەن.
- ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

5.2.2.سەربەخۆیی دادگا

پێویستە دەستور بە پێی بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکاندا، سەربەخۆیی دادوەری لە خۆ بگرێت لەسەر دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا، تاکو گەرەنتی سەربەخۆیی و دەستپاکی دادگاکان بکات بە بێئەوەی، کە بێ لایەنی خۆی لە دەست بدات. بۆیە پێوەری سەربەخۆیی دادگاکان یەکێکی دیکەیە لە پێوەرەکانی ئەو کۆمیسیۆنە، کە لە نوسینی دەستورەکاندا پێویستە ڕەچاو بکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی نەزاهەت و دادپەروەری سیستەمی دادوەری و هەروەها دەبێتە گەرەنتییەک بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان، ئامانجی ئەو پێوەرە پاراستنی دادگاکانە لە ڕێگای ڕێگیرکردن لە دەستوەردان یان گوشار خستنە سەر دادگاکان تاکو گەرەنتی ئەوە بکرێت، کە بە سەربەخۆیی و بێلایەنی تەواو بڕیارەکانی خۆیان دەربکەن. کۆمیسیۆنی ڤێنیز پشتگیری جێبەجێبکردنی بنەما دەستورییەکان لە چوارچێوەی سیستەمی ناوخۆیی وڵاتان دەکات بۆیە سەبارەت بە ڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەری لە دەستوردا داوا دەکات، کە بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، دەسەڵاتی دادوەری ناوخۆیی ڕێک بخرێت بە شێوەیەک، کە لە چوارچێوەی سیستەمی یاسای ناوخۆییدا ڕێزی لێ بگیرێت[xxi].

لە ساڵی ٢٠١٦ کۆمیسیۆنی ڤێنیز بۆچوونێکی لەسەر ڕەشنوسی هەموارەکانی دەستوری جۆرجیا بڵاوکردەوە، تێیدا پێشنیاری چەند گۆڕانکارییەکی کرد بۆ بەهێزکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و باشترکردنی سیستەمی پشکنین و هاوسەنگی. ئەم گۆڕانکارییانە بریتیبوون لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆک لە دانانی دادوەر و دروستکردنی دەزگایەکی سەربەخۆ بۆ سەرپەرشتیکردنی دانانی دادوەر و بەڕێوەبردنی دادگاکان. هەموارکردنەوەی دەستوری ساڵی 2016، وەک پێشنیاری کۆمیسیۆنی ڤێنیز، هەوڵی بەرزکردنەوەی سەربەخۆیی

دەسەڵاتی دادوەری لە جۆرجیا دەدرا بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک لە دانانی دادوەر و دامەزراندنی دەزگایەکی سەربەخۆ بۆ سەرپەرشتیکردنی دانانی دادوەر و بەڕێوەبردنی دادگاکان. هەروەها لە مانگی ئازاری ٢٠١٩ سەرۆکی پەرلەمانی جۆرجیا داواکارییەکی پێشکەش کرد بۆ وەرگرتنی بۆچوونێکی بەپەلە لە کۆمیسیۆنی ڤێنیز سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دانانی دادوەر بۆ دادگای باڵای جۆرجیا. کۆمیسیۆنی ڤێنیز پێشنیاری کرد، کە کاندیدەکان بۆ پۆستی دادوەری دادگای باڵای جۆرجیا ڕاپۆرتی سەروەت و سامانی خۆیان و هاوسەر و منداڵەکانیان پێشکەش بکەن. ئەم ڕێوشوێنە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە دانانی دادوەرەکان بۆ دادگای باڵای جۆرجیا پێشکەش کرا[xxii].

### 6.2.2 حوکمڕانی باش ( الحكم الرشيد)

پێویستە دەستور ڕەچاوی پێوەرەکانی حوکمی باش بکات بە شێوەیەک، کە بە گوێرەی ئەو پێوەرانە ئیدارەدانی دەوڵەت بە شێویەکی چالاک و شەفاف بەڕێوەببرێت و ملکەچی لێپرسینەوە بێت. گرنگترین بنەماکانی حوکمی باش بریتین لە[xxiii]:

بەشداریکردن (المشاركة) : پێویستە دەستور شێوازەکانی بەشداریکردن بۆ سەرجەم هاوڵاتییان دەستەبەر بکات بۆئەوەی ڕۆڵیان لە دروستکردنی بڕیارەکاندا هەبێت.

شەفافیەت (الشفافية): پێویستە یاسا و ڕێوشوێنە حکومییەکان ڕون بن و پێشکەشی خەڵک بکرێن.

لێپرسینەوە (المساءلة): پێویستە دەستور ئامرازەکانی لێپرسینەوە بۆ بەرپرسەکان دیار بکات و ئەو ئامرازانە پێویستە چالاک و کاریگەر بن بۆ لێپرسینەوەی بەرپرسەکان لە بەرانبەر ئەو کارانەی، کە ئەنجامی دەدەن.

کاریگەری و لێهاتویی (الفعالية و الكفاءة): پێویستە دەستور ئیدارەی دەوڵەت بە شێوەیەک دیاری بکات، کە چالاک و شایستە بن و دامەزراوە حکومییەکان بتوانن ئامانجەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن.

پێشنیارێکی بەرچاوی پسپۆڕانی کۆمسیۆن پەیوەستە بەو مافە نوێیەی، کە لە کەتەلۆگی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا هاتوە، ئەویش مافی ئیدارەی باشە. کۆمیسیۆنی ڤێنیز بۆ ڕەچاوکردنی پێوەری ئیدارەی باش (حوکمی ڕەشید) دەڵێت : "هەر کەسێک، لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی گشتیدا، مافی ئەوەی هەیە سود لە مامەڵەیەکی بێلایەن و دادپەروەرانە وەربگرێت و لە ماوەی گونجاودا وڵامی داواکارییەکانی بدرێتەوە". وەک دەبینرێت، بەکارهێنانی ئەم مافە لەلایەن کەسێکەوە، ئەرکی ئیدارەی گشتی دەخاتە گەڕ بۆ ئامادەکردنی وەڵامێک بۆ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە. بۆیە کۆمیسیۆنی ڤێنێز پێشنیار دەکات، کە پێویستە لە دەستوردا دەقێک هەبێت، کە ڕاشکاوانە باسی ئەو مافە بکات[xxiv].

کۆمیسیۆنی ڤێنیز لەسەر ڕێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ڕێگای شیکاری بەڵگەنامەکان و پاشان شیکردنەوەی داتاکان، یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی باشتر سەبارەت بە ستراتیژە کاریگەرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێشخستنی حوکمڕانی باش[xxv].

7.2.2. ناناوەندی کارگێری یان حوکمی خۆجێیی (اللامركزية أو الحكم المحلي)

پێویستە دەستور هەستێت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتە خۆجێییەکان و دەسەڵاتێکی زۆر بە حکومەتە خۆجێییەکان بدات، بۆئەوەی ئیدارەی کاروباری خۆیان بدەن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دەستور ئەوانەی خوارەوە دیاری بکات[xxvi]:

دەسەڵاتەکانی حکومەتی خۆجێیی (صلاحيات الحكومة المحلية): پێویستە دەستور بە ڕوونی دەسەڵاتەکانی حکومەتە خۆجێییەکان دیاری بکات وەکو بواری پەروەردە، تەندروستی، گواستنەوە و پلاندانان و ئاوەدانکردنەوە.

سەچاوەکانی دارایی بۆ حکومەتەکانی خۆجێیی (الموارد المالية للحكومات المحلية) پێویستە دەستور شێوازەکانی دەستڕاگەیشتنی حکومەتە خۆجێییەکان بە سەرچاوە داراییەکان دیاری

بکات تاکو ئەو حکومەتانە سەرچاوەی دارایی پێویستیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەبەر دەست بێت.

ئامرازەکانی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان حکومەتە خۆجێییەکان و حکومەتی ناوەندی (اليات التعاون و التنسيق بين الحكومات المحلية و الحكومة المركزية): پێویستە دەستور ئامرازەکانی هاوهەنگی و هاوکاری لە نێوان حکومەتە خۆجێییەکان و حکومەتی ناوەندی دیاری بکات.

سەبارەت بە پێوەری ناناوەندی و حوکمی ناوچەیی کۆمیسیۆنی ڤێنیز جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پێوەرە کردووە، کە ئەوەش لە کاتی پێداچوونەوە بە دەستوری ڕۆمانیا باسی لێوە کراوە، بە شێوەیەک کە بۆچوونی خۆیان لە ڕاپۆرتێکدا دەربڕیوە، کە لە ٩٨ەمین دانیشتنی پلنیۆمی ئۆرگانی ئەوروپیدا پەسەندکرا. جگە لەوەش، داوا لە کۆمیسیۆنی ڤێنیز کرا بۆچوونی خۆی لەسەر یەکەم پێداچوونەوەی دەستوری ساڵی ٢٠٠٣ دەرببڕێت. کۆمیسیۆن لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکەیەوە کە لە کانونی دووەمی ٢٠١٢ پەسەندکرا، جەختی لەسەر گرنگی هاوکاری دڵسۆزانە لە نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کردەوە و پێشنیاری ڕوونکردنەوە و باشترکردنی کۆمەڵێک برگەی دەستوری ڕۆمانیای کرد، بۆ نمونە کۆمیسیۆنی ڤێنیز پێی وایە، کە چەمکی ناوچەی نەریتی (المنطقة التقليدية ) کە لە مادەی ٣دا هاتووە، کە تایبەتە بە هەرێم و دابەشکردنی کارگێڕی وڵات، ناسروشتییە، لەم چوارچێوەیەدا تیشک دەخاتە سەر ڕووننەبوونەوەی ئەم چەمکە و هەروەها ئەو جۆرە دابەشکردنە کارگێڕییە بە ناڕوون دادەنێت، لە جۆری دابەشکردنی لاوەکی کارگێڕی. هەروەها سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیوە لە هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەم ناوچە نەریتییانە تەنها لە ناو هەرێمەکاندا[xxvii].

### 8.2.2 باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر یاسای ناوخۆیی

لە یەکێک لە سمینارەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز، کە بە ناونیشانی داڕشتنی دەستور وەکو ئامرازێک بۆ دیموکراسی ئەنجام درا، باسی ئەوەی کردووە، کە بۆ دەستەبەرکردنی سەروەری

یاسا پێویستە دەوڵەت و دامەزراوەکانی ملکەچی یاسای نێودەوڵەتی بن، بۆ ئەو مەبەستە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دیموکراسی بەدی نایێت ئەگەر هاتوو دەوڵەتێک یاسای ناوخۆیی خۆی لە یاسای نێودەوڵەتی پێ بەرزتر بێت، بۆیە پێویستە دەوڵەتان لە دەستوری خۆیاندا یان یاسا ناوخۆییەکانی خۆیاندا باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر یاسای ناوخۆیی پەسەند بکەن تاکو بەو هۆیەوە بتوانرێت یاسای نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی وڵاتان جێبەجێ بکرێت[xxviii].

9.2.2. نوسینی دەستوری کوردستان لە ڕێگای کۆمیسیۆنی ڤێنیز

هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە کاتی نوسینی دەستوری خۆی سود لە ئەزمونی ئەو کۆمیسیۆنە وەربگرێت، چونکە ئەو کۆمیسیۆنە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی ڕاوێژ و چارەسەری یاسایی بۆ هەموو دەوڵەتێک یان ناوچەیەک کە بە قوناغی ڕاگوزەریدا (الانتقالي) تێدەپەڕن یان هەوڵی گەیشتن بە دیموکراسی دەدەن. هەروەها یارمەتی هەر دەوڵەتێک دەدات لە نوسینی دەستورەکەیدا تاکو بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ و حوکمی باش بنوسرێتەوە.

کۆمیسیۆنی ڤێنیز لە شارەزایانی سەربەخۆی بواری یاسای دەستوری پێکهاتوە، ئەوان بە شێوەیەکی سەرەکی مامۆستای زانکۆ و دادوەری دادگا دەستورییەکان یان دادگا باڵاکانن. ئەو کۆمیسیۆنە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی بۆچوونی یاسایی بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستوری یان چاکسازییە دەستورییەکان و یاسای نیمچە دەستوری ( یاساکانی هەڵبژاردن، یاسادانان لەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری... هتد). ئەو کۆمیسۆنە لەسەر ئەو داواکارییە کار دەکات، کە لە لایەن دەوڵەتێکی دیاریکراو، ئۆرگانەکانی ئەنجومەنی ئەوروپا، ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی پیشکەش بکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی کرداری زۆربەی داواکارییەکان لە لایەن حکومەت یان پەرلەمانی وڵاتان پێشکەش دەکرێت. بە گشتی شێوازی کارکردنی ئەو کۆمیسیۆنە بەو شێوەیە، کە وڵاتێکی دیاریکراو ڕەشنوسی دەستور یان ڕەشنوسی یاسایەک پێشکەشی

ئەو کۆمیسیۆنە دەکەن بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی لەسەر پێشکەشی ئەو وڵاتە بکەن، ئەو کۆمیسیۆنە گرووپێک لە ئەندامانی، کە پێیان دەڵێن ڕاپۆرتدەر (المقررین) پێک دێنێت، کە ئەو ئەندامانە سەرەتا بە شێوەیەکی تاکەکەسی سەرنجی خۆیان لەسەر ئەو دەقە وەرگیراوانە ئامادە دەکەن، پاشان گەشت دەکەن بۆ وڵاتی پەیوەندیدار و لەوێ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتە، پەرلەمان، ئۆپۆزسیۆن و دادگای دەستوری یان ئەنجومەنی دادوەری، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆدەبنەوە. لەسەر بنەمای سەرەنجەکان و ئەنجامی سەردانەکە، ڕاپورتدەرەکان بە هاوکاری ئەمینداریەتی کۆمسیۆن ڕەشنوسی بۆچوونێک ئامادە دەکەن، ڕەشنوسی ئەو بۆچوونە دەنێردرێت بۆ هەموو وڵاتانی ئەندامی کۆمیسیۆنەکە، لەوانەش ئەو وڵاتەی، کە داواکاری پێشکەش کردووە و لە کۆتاییدا ڕەشنوسی بۆچوونەکان لەگەڵ هەموو ئەندامان و دامەزراوەکانی ئەو کۆمیسیۆنە تاوتوێ دەکرێت. دواتر لە کۆبوونەوەی گشتی کۆمیسیۆن پەسەند دەکرێت، کۆمیسیۆن بۆچوونەکان و پێشنیارەکانی بۆ باشترکردنی ڕەشنوسەکە پیشکەش دەکات هەروەها لە ویبسایتی کۆمیسیۆنی ڤێنیز دادەندرێت[xxix].

کۆمیسیۆن لە ڕێگەی "هێزی نەرم"ەوە و قایلکردنی عەقڵانی ( القوة الناعمة و الإقتناع العقلاني) کاردەکات، وەک کارلۆ توری، ئاماژەی پێکردوە، پێشمەرجەکانی سەرکەوتویی کارکردنی دەستەیەکی ڕاوێژکاری دەستوری، وەک کۆمیسیۆنی ڤێنیز، بریتین لە: شارەزایی، ئەزمون، سەربەخۆیی و دەسەڵات. دەسەڵات ئەنجامی شارەزایی و ئەزمون و سەربەخۆییە. هیچ دامەزراوەیەک ناتوانێت هەر بە دامەزراندنی دەسەڵات بەدەستبهێنێت، بەڵکو دەسەڵات دەبێت بەدەستبهێنرێت. بۆیە سەبارەت بەمە کۆمیسیۆنی ڤێنیز ٣٠ ساڵە کاردەکات. لەم ماوەیەدا ئەزمونێکی بەرچاوی لە هەڵسەنگاندنی دەستوری و ڕاوێژکاریدا بەدەستهێناوە. ئەم ئەزمونە نەک تەنها لە بەڵگەنامەکانی کۆمیسیۆندا هەڵدەگیرێت، بەڵکو لە یادەوەری دامەزراوەکانیشدا

هەڵدەگیرێت، کە لەلایەن ئەندامانی ماوە درێژی کۆمیسیۆن هەڵدەگیرێت، کە ئەرکی ئامادەکردنی بۆچوون و ڕاپۆرتەکان لە ئەستو دەگرن[xxx].

لە لایەکی ترەوە کۆمیسیۆنی ڤێنیز لە داڕشتی دەستور یان هەموارکردنەوەی دەستور یارمەتی ئەو وڵاتانە دەدات، کە کێشەی ناوخۆیی زۆریان هەیە بۆ نمونە لە پرۆسەی یاسادانانیان توشی کیشە یان کەموکورتی دەبن بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانەوە ئەو وڵاتانە کە لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕوو دەدات یان ناکۆکی لە نێوان حیزبە ڕکابەرەکاندا دروست دەبێت، کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم داڕشتنی دەستورێک بۆ خۆیان، بۆیە ئەو کۆمیسیۆنە دەتوانێت یارمەتی ئەو وڵاتانە بدات، بۆئەوەی بتوانن دەستورێکی دیموکڕاسییانە دابڕێژن[xxxi].

وەکو ئاشکرایە هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەیتوانیوە دەستورێک بۆ خۆی پەسەند بکات و بیخاتە بەردەم ڕاپرسی گەلەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکی و ململانێیەی، کە لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، جا ئەو ناکۆکییانە چ لە نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە بێت یان لە نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکان و حیزبەکانی ئۆپۆزسیون بێت. بۆیە بە هۆی کێشە سیاسییەکانەوە نەتوانراوە ڕێوشوێنەکانی پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان تەواو بکرێت. شایانی باسە پرۆژە یاسای دەستوری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009 لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، بەڵام دواتر بە هۆی ئەو کێشانەی، کە لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەبوو بە تایبەتی کێشە سیاسییەکان، نەتواندرا ئەو پروژە یاسایە بخرێتە بەردەم ڕاپرسی گەلەوە. دواتر لە ساڵی 2015 یاسای ژمارە (4) ی ساڵی 2015 بە ناوی یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان – عێراق بۆ ڕاپرسی بڕیار درا، کە لێژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی نوێ بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان، کە پێویست بوو لە ماوەی 90 ڕۆژ لە دەستبەکاربوونی ئەو لێژنەیە، کارەکانی خۆی

تەواو بکات بەڵام ئەو لێژنەیەش نەیتوانی کارەکانی نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان تەواو بکات.

کۆمیسیۆنی ڤێنیز دەتوانیت یارمەتی هەرێمی کوردستان لە نوسینی دەستورەکەی بدات و لایەنەکانی کوردستان لە یەکتر نزیک بکاتەوە و پرۆژەیەکی دەستوری هاوچەرخ ئامادە بکات، کە بە پێی بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بێت، بۆ ئەو کارەش چ لە رێگای حکومەتی ناوەندییەوە بێت یان لە رێگای پەرلەمانەوە بێت دەتوانێت داوای راوێژ لەو کۆمیسیۆنە بکات.

بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت داوا لە کۆمیسیۆنی ڤێنیز بکات بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە نوسینی دەستوری خۆی پێویستە لە رێگای حکومەت یان پەرلەمانی ناوەندییەوە داواکاری پێشکەش بکات، کە یارمەتی هەرێمی کوردستان بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن دەستورێکی نوسراو بۆ خۆیان بابرێژن، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان ناتوانێت خۆی راستەوخۆ داوا لەو کۆمیسیۆنە بکات بەهۆی ئەوەی، کە پێگەی دەوڵەتی سەربەخۆیی نییە.

3. کۆتایی

دوای ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر پێوەرەکانی نوسینی دەستور بە پێی پێوەرەکانی کۆمیسیۆنی ڤێنیز دەتوانین گرنگترین ئەنجام و پێشنیارەکان بەو شێوەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

1.3. ئەنجامەکان:

1- کۆمیسیۆنی ڤێنیز، یارمەتی ئەو وڵاتانە دەدات، کە بە هۆی کێشەی سیاسی یان یاسایی ناتوانن دەستورێکی نوسراو بۆ خۆیان بنوسن، بۆیە ئەو کۆمیسیۆنە هەوڵی نزیککردنەوەی لایەنەکان دەدات تاکو لە رووی دارشتنی دەستورەکەیان بە شێوەیەک بێت، کە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا بگونجێت.

2- گرنگترین ئەو پێوەرانەی، کە ئەو کۆمیسیۆنە بۆ نوسینی دەستورەکان دیاریکردووە بریتییە لە ڕەچاوکردنی بنەمای ڕەوایەتی دیموکراسی و بەشداریکردنی ڕاستەقینە، بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان و هاوسەنگی و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا، سەربەخۆیی دادگاکان، پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، پاراستنی مافی کەمینەکان، باڵادەستی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر یاسای ناوخۆیی، ڕێکخستنی سیستەمی ناناوەندی کارگێڕی لە دەستور، سەقامگیری دەستوری، هەڵبژاردنەکان و سیستەمی سیاسی و چارەسەرکردنی ناکۆکییە دەستورییەکان بە شێوەی یاسایی، کە پێویستە هەر وڵاتێک لە نوسینی دەستورەکەی ڕەچاوی ئەو بنەمایانە بکات و ڕێکخستنی دەستوریان بۆ بکات.

3- کۆمیسیۆنی ڤێنیز لە شارەزایانی سەربەخۆ بواری یاسای دەستوری پێکهاتوە، ئەوان بە شێوەیەکی سەرەکی مامۆستای زانکۆ و دادوەری دادگا دەستورییەکان یان دادگا باڵاکانن. ئەو کۆمیسیۆنە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی بۆچوونی یاسایی بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستوری یان چاکسازییە دەستورییەکان و یاسای نیمچە دەستوری ( یاساکانی هەڵبژاردن، یاسادانان لەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری ... هتد).

4- هەرێمی کوردستان دەتوانێت سود لە ئەزمونی ئەو کۆمیسیۆنە وەربگرێت یان داوای یارمەتی لەو کۆمیسیۆنە بکات تاکو لە داڕشتنی دەستورێکی دیموکراسیدا یارمەتی هەرێمی کوردستان بدات.

2.3 پێشنیارەکان

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت داوا لە حکومەت یان پەرلەمانی عێراق بکات تاکو داوا لە کۆمیسیۆنی ڤێنیز بکرێت، کە یارمەتی هەرێمی کوردستان بدەن بۆئەوەی بتوانن دەستورێکی دیموکراسییانە بۆ هەرێمی کوردستان دابڕێژن، بە تایبەتی ئەگەر بە هۆی ئەو

کێشە سیاسی و یاساییانەی، کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی فەراموش بکرێت.

2- پێویستە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان یان ئەو لیژنەیە، کە تایبەتە بە نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان سود لە ئەزمونی ئەو کۆمیسیۆنە وەربگرێت و داوای ڕاوێژکاری لەو کۆمیسیۆنە بکات.

3- پێویستە لە کاتی نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان پێوەرەکانی ئەو کۆمیسیۆنە لە بەرچاو بگیرێن تاکو بەهۆیەوە جگە لەوەی پشتگیری و دانپێدانی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ ئەو دەستورە بەدی بهێنرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەستورە، دەستورێکی دیموکراسی و یاسایی بێت.

4- پێویستە پیشتگیری ماموستایان و دادوەرەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت بە تایبەتی ئەوانەی، کە پسپۆڕییان یاسای دەستورییە، ببنە ئەندام لەو کۆمیسیۆنە و بەشداری لە چالاکییەکانی ئەو کۆمیسیۆنە بکەن.

4. سەرچاوەکان

[i] – Craig Paul P., *Transnational Constitution-Making: The Contribution of the Venice Commission on Law and Democracy, in UCI Journal of International, Transnational and Comparative Law,* University of Oxford - Faculty of Law, October 1, 2016, p 3.

[ii] – Revised statute revised rules of procedure principles of conduct of European Commission for Democracy through law (Venice Commission), Article 1.

[iii] – Bartole, Sergio, *"The contribution of the Venice Commission to the internationalization of the national constitutional law on the organization of the judiciary",* New developments in Constitutional law, Essays in honour of Andras Sajo, Motoc, de Albuquerque, Wojtyczek ed., L'Aja 2018, p2.

[iv] – Clayton, Richard, QC, *The Venice Commission and the rule of law crisis*, in Public Law, [2019] July P.L., Issue 3, Thomson Reuters and Contributors, pp.450-460, P 451.

[v] – Engel, Jean-Charles, *La Commission européenne pour la démocratie par le droit, dite "Commission de Venise" : cadre et acteur privilégiés de coopération en matière de justice constitutionnelle,* in Mélanges en l'honneur du Professeur Jean Touscoz, p.867.p 872-873.

[vi] –Venice Commission: Cooperation with Constitutional Courts, Council of Europe, August 2017, p9. at https://www.coe.int/en/web/venice-commission/jccj

[vii] – https://www.coe.int/en/web/venice-commission/jccj , p10.

[viii] – Engel, Jean-Charles, p874-875.

[ix] – REVISED STATUTE OF THE WORLD CONFERENCE ON CONSTITUTIONAL JUSTICE 2017, Article 1.

[x] – Dürr, Schnutz Rudolf, *The World Conference on Constitutional Justice,* in Hill, Clauspeter, Constitutional Review and Separation of Powers, Sixth Conference of Asian Constitutional Court Judges 2009, Konrad Adenauer Stiftung, Singapore (2009), pp. 141-142, P 141.

[xi] – Hoffmann-Riem, Wolfgang, *The Venice Commission of the Council of Europe – Standards and Impact,* The European Journal of International Law (2014) Vol. 25 no. 2, p. 579–597, p 580.

[xii] – Dijk, van, Pieter, *The Venice Commission on certain aspects of the European Convention of Human Rights*, in: Breitenmoser (ed.): *Human rights, democracy and the rule of law - Liber amicorum Luzius Wildhaber,* Zürich 2007, pp. 183-202, P187.

---

xiii – Holmøyvik, Eirik / Sanders, Anne *A Stress Test for Europe's Judiciaries*, T.M.C. ASSER PRESS and the authors 2020, Hirsch Ballin, Van der Schyff & Stremler (eds.), European Yearbook of Constitutional Law 2019,p 290.

xiv – Markert, Thomas, "*The Venice Commission of the Council of Europe : From Advisory Body to Actor in the Defense of the Rule of Law and Democracy* (1990-2022)", in Human Rights Law Journal, Vol. 42(2022), No.10-12, pp. 341-369,p 346.

xv –https://www.un.org/en/global-issues/democracy

xvi - Bojic-Bultrini, Dubravka / Granata-Menghini, Simona, *The Protection of Minority Rights in the Works of the European Commission for Democracy through Law: July 2003 – June 2004*, European Yearbook on Minority Issues, 2003-2004, p 1.

xvii –Chablais, Alain / Garrone, Pierre, *European Commission for Democracy through Law – Review of Recent Reports and Opinions relevant to the Protection of National Minorities* in European Yearbook of Minority Issues, Vol. 05, 2005/6, P309–310.

xviii – CDL-RFF (2025)025, Opinion No. 1241/2025, p15.

xix – Bartole, Sergio, *International Constitutionalism and Conditionality - the Experience of the Venice Commission*, Rivista AIC - Associazione Italiana dei Costituzionalisti, 4/2014, p1.

xx – CDL-AD(2025)019, Opinion No 1235/2025, p3.

xxi- Bartole, Sergio, "*The contribution of the Venice Commission to the internationalization of the national constitutional law on the organization of the judiciary*", New developments in Constitutional law, Essays in honour of Andras Sajo, Motoc, de Albuquerque, Wojtyczek ed., L'Aja 2018, p1.

xxii – Mahilaj, S. / Cenaj, M., The Venice Commission's Contribution to Anti-Corruption Measures: Case Study of Albania, Georgia, and Ukraine. European Journal of Law and Political Science (2023) 2(2), 71-79, p74-75.

xxiii – https://www.coe.int/en/web/centre-of-expertise-for-multilevel-governance/12-principles

xxiv – Apostolache, Mihai. "The review of constitutional norms concerning local public administration in the view of the European Commission for Democracy", Journal of Law and Administrative Sciences, No. 3 (2015), pp. 105-111, p 109.

xxv– Mahilaj, S. / Cenaj, M, p71.

[xxvi]- CDL-PI (2023)001, 8 March 2023, Compilation of Venice Commission Opinions and Reports Concerning Constitutional and Legal Provisions on the Protection of Local Self- Government, p3.
[xxvii]- Apostolache, Mihai. "The review of constitutional norms concerning local public administration in the view of the European Commission for Democracy", Journal of Law and Administrative Sciences, No. 3 (2015), pp. 105-111, p 110
[xxviii] - Valentina Volpe, Drafting Counter-Majoritarian Democracy, p823.
file:///C:/Users/sky%20for%20technology/OneDrive/Desktop/ddbaebbd-a155-4c45-9819-8fee36b7961e.pdf

[xxix] - Dürr, Schnutz Rudolf, *The Venice Commission's Involvement in the Establishment of a Human Rights Protection System in Asia - (Variable) Geography and other relevant issues,* Nagoya University Asian Law Bulletin, Vol.1/2016, pp. 17-47, P 19.

[xxx] - Cameron, Iain, The, in Antonina Bakardjieva Engelbrekt et al (eds), Rule of Law in the EU: 30 Years After the Fall of the Berlin Wall, Hart, 2021, p 6.
[xxxi] - Paul Craig, Transnational Constitution-Making: The Contribution of the Venice Commission on Law and Democracy, Articles by Maurer Faculty, Law Library, Indiana University, UC Irvine Journal of International, Transnational and Comparative Law VOL 2:57, 2017, p65.

سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

1- Apostolache, Mihai. "The review of constitutional norms concerning local public administration in the view of the European Commission for Democracy", Journal of Law and Administrative Sciences, No. 3 (2015).
2- Apostolache, Mihai. "The review of constitutional norms concerning local public administration in the view of the European Commission for Democracy", Journal of Law and Administrative Sciences, No. 3 (2015).
3- Bartole, Sergio, *"The contribution of the Venice Commission to the internationalization of the national constitutional law on the organization of the judiciary",* New developments in Constitutional law, Essays in honour of Andras Sajo, Motoc, de Albuquerque, Wojtyczek ed., L'Aja 2018.
4- Bartole, Sergio, *"The contribution of the Venice Commission to the internationalization of the national constitutional law on the organization of*

*the judiciary",* New developments in Constitutional law, Essays in honour of .Andras Sajo, Motoc, de Albuquerque, Wojtyczek ed., L'Aja 2018

5- Bartole, Sergio, *International Constitutionalism and Conditionality - the Experience of the Venice Commission*, Rivista AIC - Associazione Italiana dei Costituzionalisti, 4/2014, p1.

6- Bojic-Bultrini, Dubravka / Granata-Menghini, Simona, *The Protection of Minority Rights in the Works of the European Commission for Democracy through Law: July 2003 – June 2004*, European Yearbook on Minority Issues, .2003-2004

7- Cameron, Iain, The, in Antonina Bakardjieva Engelbrekt et al (eds), Rule of Law .in the EU: 30 Years After the Fall of the Berlin Wall, Hart, 2021

8- Chablais, Alain / Garrone, Pierre, *European Commission for Democracy through Law – Review of Recent Reports and Opinions relevant to the Protection of National Minorities* in European Yearbook of Minority Issues, Vol. .05, 2005

9- Clayton, Richard, QC, *The Venice Commission and the rule of law crisis*, in Public Law,

10- Craig Paul P., *Transnational Constitution-Making: The Contribution of the Venice Commission on Law and Democracy*, *in UCI Journal of International, Transnational and Comparative Law,* University of Oxford - .Faculty of Law, October 1, 2016

11- Dijk, van, Pieter, *The Venice Commission on certain aspects of the European Convention of Human Rights*, in: Breitenmoser (ed.): *Human rights, .democracy and the rule of law – Liber amicorum Luzius Wildhaber*, Zürich 2007

12- Dürr, Schnutz Rudolf, *The Venice Commission's Involvement in the Establishment of a Human Rights Protection System in Asia – (Variable) Geography and other relevant issues*, Nagoya University Asian Law Bulletin, .Vol.1/2016

13- Dürr, Schnutz Rudolf, *The World Conference on Constitutional Justice*, in Hill, Clauspeter, Constitutional Review and Separation of Powers, Sixth Conference of Asian Constitutional Court Judges 2009, Konrad Adenauer .Stiftung, Singapore (2009)

14- Hoffmann-Riem, Wolfgang, *The Venice Commission of the Council of Europe – Standards and Impact,* The European Journal of International Law .(2014) Vol. 25 no. 2

15- Holmøyvik, Eirik / Sanders, Anne *A Stress Test for Europe's Judiciaries,* T.M.C. ASSER PRESS and the authors 2020, Hirsch Ballin, Van .der Schyff & Stremler (eds.), European Yearbook of Constitutional Law 2019

https://www.coe.int/en/web/centre-of-expertise-for-multilevel-governance/12-principles
https://www.un.org/en/global-issues/democracy

16- Mahilaj, S. / Cenaj, M., The Venice Commission's Contribution to Anti-Corruption Measures: Case Study of Albania, Georgia, and Ukraine. European Journal of Law and Political Science (2023)

17- Markert, Thomas, "*The Venice Commission of the Council of Europe : From Advisory Body to Actor in the Defense of the Rule of Law and Democracy* (1990-2022)", in Human Rights Law Journal, Vol. 42(2022), No.10-12.

18- Paul Craig, Transnational Constitution-Making: The Contribution of the Venice Commission on Law and Democracy, Articles by Maurer Faculty, Law Library, Indiana University, UC Irvine Journal of International, Transnational and Comparative Law VOL 2:57, 2017.

19- Valentina Volpe, Drafting Counter-Majoritarian Democracy,file:///C:/Users/sky%20for%20technology/OneDrive/Desktop/ddbaebbd-a155-4c45-9819-8fee36b7961e.pdf

سەرچاوە بە زمانی فەرەنسی

Engel, Jean-Charles, *La Commission européenne pour la démocratie par le droit, dite "Commission de Venise" : cadre et acteur privilégiés de coopération en matière de justice constitutionnelle*, in Mélanges en l'honneur du Professeur Jean Touscoz, p.867.p 872-873.

پەیرەوە نێودەوڵەتییەکان

REVISED STATUTE OF THE WORLD CONFERENCE ON CONSTITUTIONAL JUSTICE 2017.
Revised statute revised rules of procedure principles of conduct of European Commission for Democracy through law (Venice Commission).

بڕیارەکان :
CDL-AD (2025)019, Opinion No 1235/2025.

CDL-RFF (2025)025, Opinion No. 1241/2025.
CDL-PI (2023)001, 8 March 2023.

# صياغة الدساتير وفقا لمعايير لجنة البندقية

الملخص

الموضوع الذي تناولناه في هذه الدراسة هو معايير صياغة الدساتير وفق معايير لجنة البندقية التابعة لمجلس أوروبا وهي هيئة استشارية في القضايا الدستورية وتساعد الدول في صياغة دساتيرها وفقا لمبادئ الديمقراطية وحقوق الإنسان وسيادة القانون. وفي هذه الدراسة استخدمنا المنهج التحليلي لتحليل المعايير التي وضعتها لجنة لصياغة الدساتير. والمشكلة التي تحاول هذه الدراسة حلها هي معوقات استخدام هذه المعايير، لاسيما هل يمكن استخدام هذه المعايير في كتابة دستور إقليم كوردستان؟ ومن أهم المعايير التي وضعتها اللجنة لكتابة الدساتير هي مبادئ الشرعية الديمقراطية والمشاركة الحقيقية، مبدأ فصل السلطات وتوازنها ورقابة السلطات، سيادة القانون، واستقلال القضاء وحماية حقوق الإنسان والحريات الأساسية، حماية حقوق الأقليات، وعلوية القانون الدولي على القانون الداخلي، وتنظيم اللامركزية في الدستور، الاستقرار الدستوري والانتخابات والنظام السياسي، الحل القانوني للنزاعات الدستورية. ويجب على كل دولة أن تراعي هذه المبادئ عند كتابة دستورها ووضع التنظيمات الدستورية لها. لذلك نرى من الضروري أن يقوم إقليم كردستان بكتابة دستوره للعمل بهذه المعايير ويمكنه استشارة هذه اللجنة لأن هذه اللجنة على المستوى العالمي ستساعد كل دولة في تبني دستور مناسب لها.

الكلمات المفتاحية: معايير كتابة الدستور، لجنة البندقية، حماية الحقوق والحريات، سيادة القانون، الاستقرار الدستوري.